ژمارە: العدد: ٧٤٩٩
ڕێکەوت: ٢٧١٤ کوردی التاريخ: ٦ / ٥ / ٢٠١٤

## بۆ/ بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان

## بابەت/ خولی ڕاهێنانی پەرستاران

ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٧٦٥٧) بەرواری ٢٠١٤/٥/٨
بە مەبەستی ڕاهێنانی کارمەندانی تەندروستی و پەرستاران لە بواری پەرستاری (قاوشی نەشتەرگەری و یەکەی پێشوازی فریاکەوتن/ Wound) لە وولاتی ئوردن بۆ ماوەی (٣ هەفتە)، تکایە بە زووترین کات ئاگاداری پەرستاران و کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەکانتان بکەنەوە ئەوانەی ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە لە خولی ناوبراو ، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری پێشکەش بکرێت دوای پڕکردنەوەی فورمی هاوپێچ لە ماوەی (١٢) ڕۆژ دا بگات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ هۆبەی پەرستاری وە دوا ڕۆژی وەرگرتنی داواکاری ٢٠١٤/٥/١٨ بەلام ئەبێت بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

### مەرجەکان

١. داواکار دەبێت بڕوانامەی لە دبلۆمی پەرستاری کەمتر نەبێت.
٢. زانیاری هەبێت لە بواری زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی.
٣. خزمەتی لە بواری مەشق کردنەکە لە (٧ تا ١٠) ساڵ کەمتر نەبێت.
٤. تەمەنی لە ٤٠ ساڵ زیاتر نەبێت.
٥. بەڵێننامەی تایبەت بدات بە کارکردنی لە هەمان بوار دوای تەواو بوونی مەشق پێ کردنەکە..
٦. ڕاهێنەر (C.V) تەواو و کۆپیەکی ملون لە بڕوانامەو ناسنامەی باری شارستانی و پاسپۆرت بنێرێت.
٧. ئارەزوومەندی خوی دەربخات بۆ کارکردن لە بوارەکەی.
٨. دانەبڕابێت لە کارکردن و هەڵسەنگاندرابێت لەلایەن سەرۆکی ڕاستەوخۆیەوە.

٩. راهێنەر دەبێت هاو پیشەکانی ڕابهێنێ لەسەر هەمان تایبە تمەندی دوای گەڕانەوەی لە خولی ناوبراو.

١٠. لەکاتی تەواونەکردنی ڕاهێنانەکە و ئامادەنەبوونی ڕاهێنەر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەوا تێچووی ڕاهێنانەکە لەلایەن خۆیەوە بدرێت.

هاو پێچ /فۆرم

دکتۆر
سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

**وێنەیەك بۆ:**

- وەزارەتی تەندروستی/ب.گ. پلان دانان/بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و فێرکردنی بەردەوام/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەشی پلان/ هۆبەی پەرستاری / بۆ زانین بەدواداچوون لەگەڵ ڕێزماندا.
- سەندیکای کارمەندانی تەندروستی / لقی هەولێر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی/ شەقلاوە، سۆران , چۆمان ، بارزان / بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزماندا .
- ن. ئافرەتان و لەدایك بوونی فێرکاری /ن. فریاکەوتنی ڕۆژئاوا/ ن. فریاکەوتنی ناوەند /ن. فریاکەوتنی ڕۆژهەلآت/ ن. ڕاپەڕینی فێرکاری بۆ مندالآن/ ن. پیرمامی گشتی/ ن.هەولێری فێرکاری/ن. ڕزگاری فێرکاری/ ب.ت.مەلافەندی /ن.ئیمێرجینسی / بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزماندا
- وێب سایتی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان / بۆ بلآوکردنەوە لەگەڵ ڕێزماندا